# خەباتمان کرد دژی بەعس بەرھەمەکەی بەعس خۆاردی

((ئازاد رەشید))
azadrashid1@hotmail.com

بەعس ئەو حزبە درندەیە بوو تا ئیستا لە دونیادا لە شێوەی نەبووە بەعس خاوەنی بە هێزترین و گەورەترین هێزی سەربازی و دەزگا توقینەرەکان بوو لەو رۆژانەی ئەو هەموو هیزەی هەبوو رۆڵە دڵسوزەکانی کورد خەباتگێرانی کورد خەباتیان دژی بەعس دەکرد خەباتیان دەکرد لە پیناوی بەدەست هینانی مافە رەواکان و نە هیشتنی زوڵم و زورداری و چەوسانەوەی تاک و کۆمەڵ خەبات بوو نەمانی بەعس و هینانە دی ئازادی و مافی مرۆڤ ئەو رۆژانە خەبات کردن بەرامبەر مەرگی خووت بوو خەبات کردن لە ژێر دەسەڵاتی بەعسدا واتە چاوەروانی مەرگی خۆت دەکەی بەڵام هیچ دڵسوزیک بیری لە خۆی ناکردەوە ئەوەندە بیرو باورەکە بەهیز بوو کوردایەتی لە گەل خوین و هەستەکاندا تێکەڵ بو بروایەکی پوڵایین لە لای مروڤە دڵسوزەکان بو هیچ کاتی بۆ یەک ساتیکیش بیرمان لەوە ناکردەوە دەست هەڵگرین لە خەبات. رۆژانە دەیان هەڤاڵ و هاوریمان شەهید دەکرا خۆمان ئامادە دەکرد بچینە ریزی ئەوان ئامادە نەبووین ببین بە بەعسی ئەو رۆژانە کوردە بەعسیەکان ئیمەیان خەڵات دەکرد بە بەعس ئەوان راوچی و ئیمە نێچیر بووین ئەو رۆژانە دڵسوزان و خەباتگێران خۆیان حەشار دەدا تا زیاتر خەبات بکەن کوردە بەعسیەکانیش خەباتیان ئەوە بوو زیاتر خزمەتی بەعس بکەن لەسەر لاشەی  کورد ئەو رۆژانە خوینکاران و قوتابیان راو دەکران لە لایەن ئیتحاد تەلەبەی بەعسەوە بۆ چەند نمرەیەک دەیان کوری دڵسوزیان بە گرت دەدا ئەو رۆژانە دەست دریژی دەکرایە سەر هەموو موقەدەساتی کورد کوردە بەعسیەکان چاوی راستی بەعس بوون وەک چۆن دلسوزان بۆ یەک سات پەشیمان نابونەوە لە خەباتی کوردایەتی کوردە بەعسیەکانیش بۆ یەک سات لە بەعسیتی پەشیمان نابونەوە ئیمە چاوەروانی ئازادی بووین بۆ نەتەوەکەمان ئەوان بەعسی بوون بۆ نەمانی رولەکانی نەتەوەکەیان ئەو روژانە بەگژ ئەو رژیمە دەبوینەوە کۆمەلیکیش لەو کەسانەی خۆیان بە دڵسوزی کورد دەزانی لە ژێرەوە نامەی دڵسوزیان بۆ بەعس دەنارد ,,, ئەو روژەی بەعس نەما وتمان ئازاد بووینە لە دەست کوردە بەعسیەکان چونکە ئیمە زیاتر دیلی دەستی کوردە بەعسیەکان بووین پیش ئەوەی ژێر دەستی عەرەبی بەعسی بین وا لە سایەی کۆمەڵیک لەو دەسەلاتدارانەی حزبەکانەوە دیسانەوە کەوتینە ژێر دەسەلاتی بەعس و فایلچیەکانەوە ..

زەوی هەیە خوینی رۆلەکانی کوردی تیدا رژاوە ئیستا کونە بەعسیەکان بە سەر ئەو خوینەدا هاتو چۆ دەکەن و بۆنەتە کار بەدەست ............... لیرەوە دەبێ دان بەوەدا بنین کە ئیمە هەموو خەباتگیری پلاسکو بووین شورشگیری نەفام و بێ ئەقل بووین  دەرکەوت ئیمە لە گۆی گادا نوستبووین ئیمە ئەو کەسانە بووین کە دەڵین ئاش لە کۆی ئاشەوان لە کۆی ئەو دەرویشانە بووین چلکاو خۆری شیخی ناو حزبەکان بووین  بە بێ ئاگا

ئیستا بە هەمان ئەو دروشمانەی کون ئیمەیان پی گیل کردبوو بە هەمان درۆشم دیفاع لە کوردە بەعسیەکان دەکەن بە ناوی پاراستنی ریزەکانی کوردەوە هەر ئەو دەسەلاتدارانەی ئیمەیان بە کۆشت دەدا بەعسیەکانیان بە دەستی ئیمە دەکوشت ئیستا خۆیان دیفاعیان لێ دەکەن ,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,

باشتر وایە ناوی خۆمان بکەین بە گێلە دیرینەکان دەرویشە بێ ئاگاکان
بەعسە کونەکانیش ببنە خەبات. . . . و دڵسوزانی کورد